# بارودۆخی خیلافەتی عەبباسی لەسەدەی (چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی) (توێژینەوەی مستل)

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**
**توێژەر: هیوا مەحموود ئەحمەد**
زانکۆی سلێمانی-کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو
Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq, Hiwa.Zangana1987@gmail.com

**کورتەی توێژینەوە**

بەمەبەستی دەرخستنی ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە گەشەکردنی فیکر و شارستانییەتی ئیسلامی هەبووە لە سەدەی (چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی)دا، ئەم بەشەمان بەناونیشانی (بارودۆخی خیلافەتی عەبباسی لەسەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی) لە نامەی ماستەری خوێندکار (هیوا مەحموود ئەحمەد) دەرهێنا، کە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر) سەرپەرشتی کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکەمان لە (سێ) تەوەری نوێدا دارشتەوە. لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە دۆخی سیاسی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەو سەدەیدا کردووە، کە بە قۆناغێکی نائارام و پڕکێشمەکێشی سیاسی ناسراوە. تەوەری دووەمیش بۆ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە. دوا تەوەریش، کە تەوەری سێیەمە باسمان لە بارودۆخی ڕۆشنبیری و ئایینی کردووە، کە پێچەوانەی دۆخە سیاسییەکە گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینی. سەرباری ئەمانە بە نووسینی پێشەکییەك و خستنەڕووی ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێگەیشتووین ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم کارە بەکارمان هێناوە، توێژینەوەکەمان بەئەنجام گەیاندووە.

**الملخص**

من أجل التسلط الضوء على أهم الاسباب التي أدت الى برز الناحية الفكرية في القرن الرابع الهجري المصادف للقرن العاشر الميلادي، قمنا بعرض مبحثا خاص لأطروحة الماجستر للطالب (هيوا محمود احمد) بعنوان (الفكر السياسي في المشرق الاسلامي في القرن الرابع الهجري العاشر الميلادي) وذلك تحت عنوان جديد (دولة الخلافة العباسية في القرن الرابع الهجري العاشر الميلادي) فى ثلاث مباحث. أذ تطرقنا الى الجوانبُ (السياسية) في مبحث و (الاقتصادية و الاجتماعية) في المبحث الثاني، و(الدينية والثقافية) في المبحث الثالث. هذا فضلا الى كتابة مقدمة للبحث و عرض أهم النتائج و المصادر والمراجع المستخدمة في البحث.

**Abstract**

In order to shed light on the most important factors behindthe development of Islamic thought and civilization in the 4th century AH/ 10th century AD, we have extracted this chapter entitled "The circumstances of the Abbasid Caliphate during the 4th century AH/ 10th century AD" from the MA thesis of the student (Hiwa Mahmmud Ahmed), supervised by (Ass. Prof. Dr. Kaiwan Azad Anwer). The current research has been re-formulated into three new divisions,; sheds light on the (political, economic, social, religious, and intellectual perspectives) during Abbasid caliphate. In addition to writing introduction, view most important resuits and refernces used in purly in research.

## پێشەكی

دیاریكردنی تەنیا سـەدەیەك بۆ سـێیەمین دەوڵەتی خیلافەتی ئیسـلامی، كە (دەوڵەتی خیلافەتی عەباسـی) بوو، لەوەوە سـەرچاوەی گرت، كە سـەدەیەك بوو بۆ دەركەوتنی دەیان كەسـایەتی ئایینی و زماناس و هزرڤان و كۆمەڵی ئایینی نوێ، تا بە ئەدیب و شـاعیری ناسـراو دەگات. دیارە ئەوەش پەیوەندی بە پێش ئەو سـەدەیە و خودی سـەدەمەكەشـەوە هەبوو، كە دۆخێكی لەو جۆرە بێتە ئارا. وەك ئەوەی بەر لە سـەدەی (چوارەمی كۆچی بەرامبەر بە دەیەمی زایینی) پێكهاتەیەكی نوێ دەسـتیان بەسـەر جومگەكانی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسـیدا گرت، كە توركەكان بوون. ئەوان كە سەرەتا وەك خزمەتكار و سەرباز و پارێزەری بنەماڵەو خەلیفەكانی عەباسی دەركەوتن، زۆری نەبرد لە ناوەڕاسـتی سـەدەی سـێیەمی كۆچی بەرامبەر بە نۆیەمی زایینی، دەسـتیان بەسـەر چەندین جومگەی دەوڵەتەكەدا گرت. دواجاریش بوونە دەسەڵاتداری یەكەم بەسەر بنەماڵەو دەوڵەتی خیلافەتی عەباسییەوە. لە ناوەڕاستی سەدەی چوارمی كۆچی بەرامبەر بە سـەدەی دەیەمی زایینیش بووەیهییە شـیعەكان، كە لە ڕەگەزی دەیلەم بوون، توانیان ئەو دۆخەی خیلافەتی عەباسی بقۆزنەوەو بگەنە شاری (بەغداد)ی پایتەخت لەساڵی (٣٣٤ك/٩٤٥ز)و شوێنی توركەكان لە دەسـەڵاتی خیلافەتی عەباسـی بگرنەوە. بەو ڕووداوەش سـەدەیەك لە ململانێ و پەشـێوەی سـیاسـی هاتە ئارا، كە كاریگەری بەسەر لایەنەكانی تری ژیان و گوزەرانی خەڵكی و كۆمەڵگای ئیسلامییەوە هەبوو.

بۆ ئەم مەبەسـتە و خسـتنەڕووی دۆخی تەواوی سـەدەكە، توێژینەوەكەمان بەناونیشـانی (بارودۆخی خیلافەتی عەبباسی لەسەدەی چوارەمی كۆچی/دەیەمی زایینی) بۆ (سێ) تەوەر دابەشكرد. لە تەوەری یەكەم باسمان لە دۆخی سـیاسـی خیلافەتی عەباسـی كردووە. لە تەوەری دووەمیشـد ئاماژەمان لە بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەیەی بەهۆی ئەو دۆخەوە هاتە ئارا كردووە. لە تەوەری سـێیەمیشداهەوڵمانداوە تیشـك بخەینەسـەر بارودۆخی ڕۆشـبیری و ئایینی سـەدەكە. بەوەش وێنایەكی گشـتی سـەردەمەكەمان لەو ژیان و گوزەران و دۆخەكە خسـتۆتە بەرچاو. دواتر بە ئەنجامێك، لەگەڵ ئەو سـەرچاوانەی بۆ ئەم كارە سـوودمان لێوەرگرتووە، كۆتایمان بە توێژینەوەكە هێناوە. بە هیوای ئەوەی لە ئاست كارێكی زانستی و ئاكادیمیدا بووبین.

### تەوەری یەكەم

### بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەسەدەی (چوارەمی كۆچی/دەیەمی زایینی)

بەو پێیەی لوتكەی دەسەڵات خیلافەتی عەبباسی خەلیفەكان بوون، بۆیە وەك دەستپێك گرنگە هێز و دەسەڵاتیان و گوزرانیان لەو سەدەیەدا بخەینەڕوو، تا بەهۆیەوە بە دۆخی سیاسی دەوڵەتەكە ئاشنابین. هێزی ئەوان بەشێوەیەكی گشـتی ئامرازێك بوو بە دەسـتی سـەركردەو دەسـەڵاتدارە تورك و دواتر بووەیهییەكانەوە. بەدیوێكی دیكەدا زۆربەی خەلیفەكان بە وویسـتی توركەكان و پاشـان بوەیهییەكان دادەنران و دووردەخرانەوە یان دەكوژران. تەنانەت هەندێك جار سـوكایەتیشـیان پێدەكرا. هەروەها لە زۆربەی كاتەكاندا خەلیفەكان هیچ بڕیارێكی گرنگی ئەوتۆیان لەدەسـتدا نەبوو، بەڵكو لەهەندێك كاتدا تەنیا جێبەجێكاری فرمان و بڕیارەكانی بەرپرس و فەرماندەكانی تورك و دواتر بووەیهییەكان بوون.

بەر لە هاتنی ئەو سـەدەیە خەلیفە (المكتفی بالله) لەسـاڵی (٢٩٥ك/٩٠٨ز)دا كۆچی دوایی كرد و (المقتدربالله/٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز)ی برای شوێنی گرتەوە. بەپێ تۆمارێكی (ابن كثیر)یش كاتێك ئەو خەلیفەیە گەیشتە پایەی خیلافەت تەمەنی (١٣)سـاڵ بوو. ئەوەش كەمترین تەمەنێك بوو ئەندامێكی بنەماڵەی عەبباسـی، تا ئەو كاتە پێ بگاتە پایەی

خیلافەت[١]. دیارە بە تەمەنێکی واکەمەوە ئەستەم بوو خەلیفەیەك بتوانی بەرەنگاری تورکە دەسەڵاتدارەکان بێتەوە، کە پێگەو پایەیەکی فراوانیان لە دەوڵەتدا هەبوو، هەربۆیە بەرەنگاربوونەوەیان سەخت بوو. ئامانجی ئەوانیش ئەوە بوو، تا بۆ مانەوەی هێزی خۆیان لە دەوڵەتدا، خەلیفەیەکی بێدەسەلات وڵات بەڕێوە ببات. واتە هەر کاتێك لەگەڵ داواو بەرژەوەندییەکانیان نەگونجا، لێی بدەن و لە دەسەڵات دووری بخەنەوە. دواجار ئەوەش ڕوویداو بووە قوربانی ململانێی سەرکردە تورکەکان، کە هەوڵی بەدەستهێنانی پلەو پێگە گرنگەکانیان لەدەوڵەتەدا دەدا. ئەوەش کاتێك لەساڵی (٣٢٠ك/٩٣٢ز)داو لەلایەن سەرکردەی گشتی سوپاوە بە ناوی (مؤنس الخادم)[٢] کوژرا. هەر لەلایەن ئەویشەوە براکەی بەناوی (القاهربالله/٣٢٠-٣٢٢ك/٩٣٢-٩٣٤ز) لە شوێنی دانرا[٣].

(المسعودی) لە تۆمارێکدا بەم شێوەیە پێناسەی (القاهربالله)ی کردووە، بەوەی ''خاوەنی کەسایەتییەکی بە زەبروزەنگ و توندو کاروباری خیلافەتی خراپ بەڕێوە بردووەو سیاسەتێکی باشی پەیڕەو نەکردووە''[٤]. هەربۆیە هەندێك وای بۆچوون، کە ئەو تایبەتمەندییەی کەسایەتییەکەی، هانی سەرباز و سەرکردە تورکەکانی داوە لێی بێزاربن‌و بیر لەدانانی کەسێکی تر لە جێگای بکەنەوە. ئەوەش دوای ئەوەی لە سەردەمی ئەودا، کە نزیکەی ساڵێکی خایاند، ئاڵۆزی‌و پەشێوی بەردەوام بوو، تا ئەوەی لە ساڵی(٣٢١ك/٩٣٣ز)و بە ئامادەبوونی (مؤنس) هەموو سەرکردەکانی سووپا لەسەر لابردنی ڕێککەوتن[٥]، بەڵام ئەو کارەیان بۆ نەچووە سەرو پیلانەکە بەدژی خۆیان کەوتەوە، کاتێك خەلیفە بەسەر بەشێکە نەیارەکانیدا سەرکەوت. دیارە ئەگەرچی ئەویش لەم هەوڵەیدا سەرنەکەوت و نەیتوانی لە نەیارەکانی بدات، بەهۆی ئەوەی (ابا علی بن مقله)ی وەزیری پێشوو، کە لە ترسی (القاهربالله) خۆی شاردبوویەوە، توانی لەگەڵ فەرماندە سەبازییەکاندا پیلانێك بۆ لابردنی خەلیفە دابڕێژێت. کارەکەش بەهاوکاری سەرکردەیەکی تورك بەناوی (سیما) ئەنجامدرا، کە سەرۆکی پاسەوانەکانی کۆشکی خەلیفە بوو. کاتێك لە شەوێکدا خەلیفە سەرقاڵی مەیخواردنەوە بوو، وە لەبەر زۆری مەیخواردنەوەی ئاگای لەخۆی نەمابوو، گەمارۆی کۆشکی خەلیفەیاندا. دواتر توانیان دەستگیری بکەن و هەردوو چاوی بە شیشی داخکراو کویر بکەن و بیسووتێنن. کارێك پێشتر لە مێژووی ئیسلامدا پێشینەی نەبوو[٦]. تەنانەت دواتر خستیانە سەرشەقامەکان‌و بەپێی هەندێك لەتۆمارە مێژووییەکان وەکو دەرۆزەکەر لە مزگەوتی(المنصور) بینراوە[٧].

---

١. ابن كثير: البداية والنهاية، تحقيق: حامد احمد الطاهر، الطبعه الاولى، دار الفجر للتراث- القاهرة، ٢٠٠٣م، ١١٦/١١.

٢. یەکێك بوو لەو خزمەتکارانەی نێو کۆشکی خیلافەتی عەباسی، کە دواتر گەیشتە پلەی فەرماندەی سووپا. کەسایەتییەکی ژیرو سوارچاك‌و ئازاو سیاسیی بووە، خزمەتی زۆری (المقتدربالله)ی کردووە، پاشان لێی هەڵگەڕاوەتەوە، تا ئەوەی دواتر لەسەردەستی سەربازەکانی، کە زۆرینەیان بەربەر بوون کوژرا. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (الذهبی:سير اعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الارناؤوط و محمد نعيم العرقوسی،مؤسسه الرساله-بيروت، ١٩٨٤م، ٥٦/١٥).

٣. ابن العمراني: الانباء في تاريخ الخلفاء، تحقيق: قاسم السامرائي، الطبعه الاولى، دار الافاق العربية- القاهرة، ١٩٩٩م، صص١٥٩-١٦٠؛ ابن الطقطقى: الفخري في الاداب السلطانيه والدول الاسلامية، دار صادر-بيروت، بلا، صص٢٦٤-٢٦٥؛ السيوطى: تاريخ الخلفاء، الطبعه الثانية، مركز دار المنهاج للدراسات والتحقيق العلمى، دوحة، ٢٠٠٣م، ص٥٩٣.

٤. :التنبه والاشراف ، تحقيق: عبداله اسماعيل، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٣٨م، ص٣٣٦.

٥. محمود شاكر: التاريخ الاسلام-الدولة العباسية، الطبعة السادسة، المكتب الاسلامي-القاهرة، ٢٠٠٠م، ١٢١/٢؛ حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام، الطبعة الخامسة عشر، القاهرة، ٢٠٠١م، ٣/ ٣٨.

٦. أبن الاثير: الكامل فى التاريخ، تصحيح: د.محمد يوسف الدقاق، الطبعه الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، ١٩٨٧م، ٩٦/٧-٩٧؛ احمد امين: ظهر الاسلام، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية- القاهرة، بلا، ٩٠/٢.

٧. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((ابن الاثير: م.ن، ٩٦/٧-٩٧؛ ابن كثير: م.س، (١١/ ١٨٩-١٩٠، ١٩٥-١٩٦) )).

دوای ئەویش (الراضــی بالله/ ٣٢٢-٣٢٩ك/٩٣٤-٩٤٠ز) لە شــوێنی باوکی لە پایەی خیلافەت دانرا. ئەم خەلیفەیەش بەمەبەســتی زاڵبوون بەســەر کێشــەکان و لەســەر داوای ســەرکردە تورکەکان لەســاڵی(٣٢٤ك/ ٩٣٦ز)دا پلەی (میری میران)ی داناو (ابن رائق)ی ســەرکردەی ســوپای کردە بەرپرســی ئەو پۆســتە نوێیە، تا ئەرکی خەرجکردنی موچەی سەربازان و دابینکردنی پێداویستییەکان بگرێتە ئەستۆ[٨]، بەڵام ئەم کارە نەك هەر چارەسەری کێشەکانی نەکرد، بەڵکو دواجار دەسەڵاتی فراوانی (ابن رائق) وایکرد، کە خەلیفە تەنیا بەناو بمێنێتەوە، تا ئەوەی لەوتاری هەینیشدا هاوشانی خەلیفە ناوی هێنرا[٩]. کار گەیشــتە ئەوەش بە کۆچی دوایی(الراضــی بالله) لە ســاڵی (٣٢٩ك/٩٣٣ز)دا شــکۆ و هێزی خیلافەتی عەبباسی لەڕووی ناو و ناوەڕۆکەوە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە[١٠].

کاتێکیش (المتقی لله/٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤٠-٩٤٤ز) گەیشــتە پایەی خیلافەت، لەگەڵ ئەوەی کەســێکی ئایپندار بوو وە لە خۆشگوزەرانییەکانی خەلیفەکانی پێش خۆیدا ڕۆنەچوو بوو[١١]، بەڵام بێدەسەڵات و تەنیا گەمەیەك بوو بەدەست ئەو سەرکردانەی، کە لەسەر دەسەڵات ڕکەبەرییان لەسەر پۆستە باڵاکان دەکرد، لەوانە (ابو عبدالله البردی)ی وەزیر و (ابن رائق)ی میری میران و حەمدانییەکانی موســڵ. دواجار ئەم خەلیفەیە لەترســی (توزون)، کەدواتر پایەی میری میرانی وەرگرت، خۆیی‌و خێزانەکەی بەرەو (موســڵ)و بۆ لای حەمدانییەکان هەڵهاتن. کاتێکیش (تۆزون) لە ســاڵی (٣٣٣ك/ ٩٤٤ز)دا بەڵێنی پاراســتنی پێدان، گەڕایەوە بۆ بەغداد، بەڵام ناپاکی لەگەڵ کرد و هەردووچاوی دەرهێناو کوێری کرد و لە خیلافەت دووری خستەوە[١٢].

ناهەمواربوونی دۆخی سیاســی‌و ململانێی فراوانی نێوان سەرکردەکان‌و وەزیرەکان و کاربەدەستان و خراپبوونی دۆخی ئابووری و بڵاوبوونەوەی برســیەتی و نەخۆشــی، لەگەڵ بێ توانایی و دەستەپاچەیی خەلیفەش لە ئاســت ئەو هەموو کارەســاتانەدا، ڕێگەخۆشــکەر بوون بۆ هاتنی هێزیکی نوێ بەرەو پایتەختی خیلافەت و دەســتگرتن بەســەر کاروبارەکاندا، کە (بوەیهییەکان)[١٣] بوون.

---

٨. الهمداني: تكملة تاريخ الطبري، تحقيق: مصطفى السيد و طارق سالم، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، بلا، ص٨٣، د. يوسف العش: تأريخ عصر الخلافة العباسية، دار الفكر-دمشق، ٢٠٠٣م، ص١٨٢، محمود شاكر: م.س، ص١٢٤.

٩. العش: م.س، ص١٨٢، محمود شاكر: م.س، ص١٢٤؛ ئاراس فەریق زەینەڵ: دیبلۆماسییەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا (٣٣٤-٤٤٧ك/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال-سلێمانی، ٢٠١٢ز، ل٩٦).

١٠. الهمداني: م.س، ص٨٣، وفاء محمد على: الخلافة العباسية في عهد تسلط البويهيين، الطبعه الاولى، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ١٩٩٠م، ص٣٣.

١١. الهمداني: م.س، ص٨٤؛ ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، الطبعه الاولى، دار الكتب العلميه - بيروت، ١٩٩٢م، ٣٩/١٤.

١٢. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((مسكويه: تجارب الامم، تحيقيق: امدروز، الطبعه الاولى، دار الكتاب الاسلامي- القاهرة، بلا، (٦٧/٢-٧٢)؛ محمد سهيل طقوش: مێژووی دەوڵەتی عەباسی، وەرگێڕانی: نهاد جلال، چاپی یەکەم، کتێبخانەی نارین، هەولێر، ٢٠٠٩، لل(٢٢٦-٢٢٨))) .

١٣. نەوەکانی (ابا شجاع)ی دەیلەمی بوون، کە لەسەر دەستی هەر سێ برا (احمد، على، حسن) دەرکەوتن، سەبارەت بە بنەچەیان بۆچوونی جیاواز هەبووە، هەندێك بۆ ساسانییەکان و هەندێکی تر بۆ ڕەچەڵەکی عەرەب گێڕاویانەتەوە. دواتر هاتوونەتە سەر ئایینی ئیسلام لەسەر ئایینزای شیعە، لەسەدەی چوارەمی کۆچی بەرامبەر سەدەی دەیەمی زایینی، لەکاتی لاوازی خیلافەتی عەبباسی هەندێك میر و سەرکردەی سەربازی لە هەرێمی چیاکان و دەیلەم و ئازەربایجان دەرکەوتن، دوای کوڕانی (ابا شوجاع)یش بەهۆی خراپی گوزەرانیانەوە لە خزمەت ئەو سەرکردانە وەکو سەربازە کرێگرتە ژیانی سیاسیان دەستپێکرد، کە سەرەتا لەلای (ماكان بن كاكی) بوون، پاش تێکشکاندنی ناوبراو لەسەردەستی (مردوایج بن زیار) پەیوەندیان بە (مەرداویج)ەوە کردو پلەی بەرزیان بەدەستهێنا، لەوانە (على) کردە والی (کرج)، پاشان توانیان دەرفەت بقۆزنەو خۆیان بەهێز بکەن تەنانەت لە سنوری دەسەڵاتی (مرداویج)یش بچنە دەرەوەو دەست بەسەر (اصفهان و ارجان و شیراز و

دەرکەوتنی بووەیهییەکان هاوکات بوو لەگەڵ خیلافەتی (المستكفي بالله/٣٣٣-٣٣٤ك/٩٤٥-٩٤٦ز). هەروەها هاوکاتیش بوو لەگەڵ کۆچی دوایی (تۆزۆن) لە (٣٣٤ك/٩٤٥ز)داو شـوێنگرتنەوەی لەلایەن (ابن شـيرزاد)ەوە. بەهۆی ئەوەشی ئەم کەسایەتییە (ينال كوشه) کردە والی (واسيت)و ئەویش پەیوەندی بە (احمد بن بويه/ ٣٣٤-٣٥٦ك/ ٩٤٥-٩٦٧ز) کرد و ملکەچی خۆی پێ ڕاگەیاند، بۆیە ئەو ڕووداوەش کاری داگیرکاری بووەیهییەکانی بۆ (بەغداد) ئاسان کرد. خەلیفە (المسكتفي بالله)ش ناچار بوو خۆشحاڵی خۆی بەهاتنیان نیشان بدات و پێشوازیان لێبکات، چونکە لانی کەم مەترسـی تورکەکانی لە کۆڵ بوویەوە. تەنانەت نازناوی (معز الدوله)ی بەخشـییە (احمد بن بويه)ی سـەرکردەی بووەیهییەکان. هەروەها بە براکانیشی (علی) نازناوی (عماد الدوله)و بە (حسن)یش نازناوی (ركن الدوله)ی پێبەخشین. سـەرەڕای ئەمەش فەرمانی کرد بە هەڵکۆڵینی ناو و نازناویان لەسـەر دراوی خیلافەتی عەبباسـی[١٤]. ئەو کارانەی خەلیفەش هاوکار بوو دەسـەڵاتداری ڕاسـتەقینە بکەوێتە دەسـتی بوەیهییەکانو خەلیفەکان هیچ شـتێکی ئەوتۆی لەدەسـتدا نەمێنێت، جگە لە دەسـەڵاتی ئایینی و لایەنی ڕۆحی و پێدانی ناو و نازناو بە ئەمیر و فەرمانڕەواکان. ئەوەشی تێبینی کرا، بوەیهییەکان لەسەر سیاسەتو شێوازی تورکەکان لە دانانو لابردنی خەلیفە بەپێی خواستو ویستی خۆیان بەردەوام بوون. تەنانەت هەندێك جاریش تۆمەت و ناتەواویان دەکردە پاساوی پلانەکانیان بۆ لابردنی خەلیفەکان. وەك ئەوەی (معز الدولەی بوەیهی) دوای ماوەیەکی کەم (المسـتكفي بالله) بەبیانووی پیلانگێڕی لەدژی لابرد و (المطيع لله/٣٣٤-٣٦٣ك/٩٤٦-٩٧٤ز) لە شـوێنی دانا. دواتر ئەویشـیان لە خیلافەت دوورخسـتەوەو (الطائع لله/٣٦٣-٣٨١ك/٩٧٤-٩٩١ز)ی کوڕیان لە شـوێنی دانا[١٥]، کە کەسـێکی زۆر لاواز و بێدەسـەڵات بوو، هەتا کار گەیشـتە ئەوەی، کە (معز الدوله)خۆی مووچە بە خەلیفە بدات[١٦]! دیارە ئەگەرچی بووەیهییەکانیش وەك تورکەکان کاریان بۆ ئەوە دەکرد خەلیفەکان بێهێز و بێدەسـەڵات بن، تا جڵەوی کاروبارەکانیان دەوڵەتیان لەدەسـت دەرنەچێت، بەڵام ئەم کارەش هۆکاری ئەوە بوو هەسـتی گشـتی کۆمەڵگە لەدژی خۆیان هان بدات، چونکە پێگەی خەلیفە و خیلافەت لای تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشـتی گەورە و پیرۆز بوو. بۆ ڕەوانەوەی ئەوەش (عضد الدوله/٣٦٧-٣٧٢ك/٩٧٧-٩٨٢ز) پەنای بۆ (هاوسـەرگیریی سـیاسـیی) برد، تا لەڕێگەی پێدانی کچێکی خۆی بە خەلیفە، بە خوین لە بنەماڵە نزیك بێتەوە و لەو میانەیەدا کچەزایەکی ببێتو خیلافەت بگرێتە دەسـت، بەمەش بوەیهییەکان شـەرعییەتی گرتنەدەسـتی خیلافەت بەدەسـت بهێنن[١٧]. ئەو کارەش ئەنجامدراو (عضـد الدوله) توانی بەو پلانەی دەسـەڵاتی خۆی بەسـەر خەلیفەدا بسەپێنت و تەنانەت وتار هەینیش بەناوی خۆیەوە بخوێنرێتەوە[١٨].

---

کرمان)دا بگرن، پاش کوژرانی (مرداويج)و لە دۆخی پەرەسەندنی توانا سیاسی و سەبازییەکانیاندا بەرەو پایتەختی خیلافەت کشانء لە( ٣٣٤ك/٩٤٥ز) دەستیان بەسەر بەغدادا گرت و ماوەی زیاتر لەسەدەیەك توانیان فەرمانڕەوایی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((ابن خلكان: وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، الطبعة الاولى، دار صادر-بيروت، ١٩٧٨م، ( ١٧٤/١-١٧٥)؛ مسكويه: م.س، ( ٢٩/١-٣٧)؛ ابن الاثير: م.س، ( ٨٧/٧-١٢٤) )).

١٤. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ؛ (مسكويه: م.س، ٨٥/٢؛ ابن كثير: م.س، ٢٠٥/٧-٢٠٦؛ ابن تغرى بردي: ن.م، ٣٢٨/٣).

١٥. ابن الطقطقى: م.س، ص٢٨٩.

١٦. الذهبى: تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، الطبعة الثالثه، دار الكتاب العربي- بيروت، ١٩٩٨م، ٢٥٣/٣٦-٢٥٤؛ ابوالفداء: المختصر في أخبار البشر، الطبعة الاولى، المطبعه الحسنية المصرية، بلا، ٩٤/٢ ، ابن كثير: م.س، ١١ /٢١٢.

١٧. الهمداني: م.س، ص١٦٦؛ احمد امين: م.س، ٤٨/١؛ وفاء محمد على: الزواج السياسي في عهد الدولة العباسية، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٨م، صص(٧٣-٧٥).

١٨. ابن الاثير: م.س، ٧/ص٩٠؛ ابن خلكان: م.س، ٥١/٤.

خەلیفە (القادربالله/٣٨١-٤٢٢/٩٩١-١٠٣١ز)ش، كە دوای (الطائع بالله) گەیشتە پایەی خیلافەت، ئةطةرضـي نەیتوانی پشێوی‌و ناكۆكی نێو ماڵباتی بوەیهییەكان بقۆزێتەوەو سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت، تا هێز و شكۆ بۆ خۆی و بنەماڵە و دەوڵەتەكەی بگێڕێتەوە، بەڵكو ئەویش هاوشێوەی خەلیفەكانی پێش خۆی لەو سـەردەمەدا، زەلیل و گوێ لەمشـتی دەسـەڵاتدارە بوەیهییەكان بوو[١٩]، بەڵام لەو كێشـانەی ڕووبەڕووی دەوڵەتەكەی دەبوونەوە، بەتایبەت ئەو كێشـانەی لەنێوان هەردوو پەیڕەوانی شـیعە و سـوونە ڕوویان دەدا، پشـتیوانی لە سـوونەكان دەكرد، چونكە بووەیهییەكان پشتیوانی پەیڕەوانی شیعە بوون[٢٠].

سیمایەكی دیكەی بارودۆخی‌و ژیانی سیاسی لەم سەدەیەدا (وەزیرەكان) بوون، كە هەر خەلیفەیەك دەهات وەزیری خەلیفەكەی پێش خۆیی لادەبرد، یاخود ڕووبەڕوی ڕاوەدونان‌و كوشـتنی دەكردەوە! تەنانەت لە سـەردەمی یەك خەلیفەدا چەندین وەزیر لابران و دانران. وەك ئەوەی تەنیا لەسـەردەمی خەلیفە (المقتدر بالله)و لە ماوەی (٢٥) سـاڵ فەرمانڕەوایەتیدا، (١٢) جار ئاڵوگۆڕ بة وەزیرەكان كرا، تەنانەت كەسـی وا هەبوو دووجار یان زیاتر وەزارەتی وەرگرتبوو[٢١]. هۆكاری سەرەكی پشت ئەم كارەش بەدەستهێنانی (داهات و دەسكەوت) بوو، چونكە خەلیفە پێویستی بە داهات هەبوو هەتا لە كاروباری دەوڵەت و خۆشـگوزەرانی خۆیدا خەرجی بكات. بۆ بەدەسـتهێنانی داهاتیش چ بۆ كەیف و خۆشـییەكانی خۆی یاخود بۆ خەڵاتكردنی سـەركردەو كاربەدەسـتانی، دەبوو لە ڕێگای وەزیرەكانییەوە ئەو داهاتە دابین بكات. خۆ ئەگەر وەزیرەكان پێیان پەیدا نەكرایە دوور دەخرانەوەو دەستیش بەسەر ماڵ‌و سامانەكانیاندا دەگیرا، هەندێك جاریش لەلایەن وەزیرە نوێكەوە (شـوێنگرەوەكەیەوە) دەكوژرا. هەروەها وەزیری دەركراو دەیتوانی لەبەرامبەر پێدانی بڕێك پارەدا بگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، وەكو چۆن (ابن مقلە) لەبەرامبەر بڕێك پارەی زۆردا، خەلیفە(الراضـی) قایلكرد بۆ وەزارەتەكەی بیگێڕێتەوە، كە ئەمە سـێیەمین جاری بوو وەزارەت وەربگرێ![٢٢]. بە شـێوەیەكی گشـتی وەزیرەكان لەبری چاككردنی باردۆخی ناهەمواری وڵات، زیاتر خەمیان گیرفان و گەنجینە و دەسەڵات و پێگەی خۆیان بووە[٢٣].

لە لایەكی ترەوە، بێهێزی دەسـەڵاتی خیلافەت وایكرد بوو لەناوچە جیاوازەكاندا چەندین میرنیشـین‌و دەسـەڵات دەربكەون، وەك (تەبەرستان‌و جورجان) بەدەستی (دەیلەمییەكان)و (خۆراسان) بەدەستی (سامانییەكان)و (فارس، ڕەی، ئەسـفەهان، هەرێمی چیا) لەژێر قەڵەمڕەویی (بوەیهییەكان)و، (كرمان) بەدەسـتی (محمد كوڕی ئیلیاس)و، (موسڵ، ڕەبیعە، دیاربكر، دیار مضر) بەدەستی (حەمدانیەكان)و، (ئەهواز، واسیت، بەسرە) بەدەستی (بەریدیەكان)و، (یەمامە و بەحرەین) بەدەسـتی (قەرامیتەكان)و، (یەمەن) بەدەسـتی زەیدییەكان و (میسـر و شـام) بەدەسـتی (ئەخشیدییەكان)و، (تونس و جەزائیر) بەدەستی (زیادی و حەمادییەكان)و، (ئەندەلوس) بەدەستی (عبدالرحمن ناصر) لە بنەماڵەی ئومەوی بوون[٢٤]، هەروەها چەند میرنشـینێكی كوردی قەڵەمڕەوی چەندین ناوچەكیان بەدەسـتەوە گرت،

١٩. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (محمد الخضري بك: محاضرات تاريخ الامم الاسلامية- الدولة العباسية، تحقيق: الشيخ محمد العثمانى، دار القلم-بيروت، ١٩٨٦م، صص(٤٤٨-٤٦٠)؛ وفاء محمد على: الدولة العباسية في عهد تلسط البويهيين، ص٥٣) )).

٢٠. احمد امين: م.س، ٥٠/١.

٢١. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((ابن الطقطقى: م.س، صص (٢٦٥-٢٧٥)) ).

٢٢. ابن طقطقى: ن.م، ص٢٨٠.

٢٣. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((الخضري: م.س،-صص(٤٠٤-٤٠٦))) .

٢٤. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((حسن ابراهيم حسن: م.س، (٧١/٣-١٩٤)؛ ادم متز: الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري، ترجمة: محمد عبدالهادي ابو ريدة، الطبعة الخامسة، دار الكتاب العربى-بيروت، بلا، ص١٩؛ عصام الدين عبدالرؤوف الفقي: دراسات في تاريخ الدولة العباسية،

وەك (ڕەوادییەكان/٣٤٣-٤٦٣/٩٥٤-١٠٧٠ز) لە (اردبیل، ورمێ، مەراغە، سەلماس)، (شەدادییەكان/٣٤٠-٥٩٥ك/٩٥١-١٠٧٥ز) لە (ئاران، دوین، گەنجە، ئانی)[٢٥]، (حەسنەوییەكان/٣٤٨-٤٠٦ك/٩٥٩ -١٠١٥ز) لە خۆرئاوای هەرێمی چیا و ناوچەكانی شارەزوور، (عەننازییەكان/٣٣٠-٥٠٠ك/٩٤٢-١١٠٦ز) لە (حلوان‌و شارەزوور و هەرێمی چیا)، واتە تەنیا (بەغداد) و دەوروبەری بەدەستی خەلیفەوە مابوویەوە!

سەرباری ئەم دۆخەو نەمانی دەسەڵاتی سیاسی خیلافەتی عەبباسی، بەشێك لە میرنشین و دەسەڵاتدارە ناوچەییەكان دانیان بە شكۆ و ڕێزی خیلافەتدا نابوو، وە لە مزگەوتەكانیاندا نزا بۆ خەلیفەی عەبباسی دەكرد و ساڵانە و لە جەژن و بۆنەكانیشدا دیاری گرانبەهایان پێشكەش دەكرد و نازناوەكانیشیان لە خەلیفە وەردەگرت. نازناوی خودی خەلیفەش، كە (امیر المؤمنین) واتە (ئەمیری باوەڕداران) بوو، گەلێك گەورە و پیرۆز بوو، وە هیچ دەسەڵاتدارێكی ناوچەیی زاتی ئەوەی نەبوو لەخۆی بنێت. تەنیا لە (سێ) دەوڵەت نەبێت، وەك ئەوەی لە ساڵی(٢٩٧ك/٩١٠ز) كاتێك فاتمییەكان (قەیرەوان)یان گرت، بانگەشەی ئەوەیان كرد، كە جێگرەوەی ڕاستەقینەی پێغەمبەر (د.خ)و خیلافەتی ئیسلامین، نازناوی خەلیفەیان لەخۆیان ناو لەناوچەكانی (یەمەن و شام و میسر و بەشێك لە ئەفەریقا) وتاری هەینیان بەناوەوە خوێنرایەوە. ئەمەش ڕێگە خۆشكەر بوو بۆئەوەی دەسەڵاتداری تریش بینە هەڵگری ئەم نازناوە[٢٦]. وەك ئەوەی (عبدالرحمن ناصر) لە ئەندەلوس نازناوی (ئەمیری باوەڕداران)ی لەخۆینا لەكاتێكدا پێشتر بەخۆیان دەگوت (بنی خلائف)[٢٧]. هەروەها دەسەڵاتدارێكی كەم تەمەنی وەكو فەرمانڕەوای (سجلسمانە) لە باشوری چیای ئەتڵەس، لە ساڵی (٣٤٢ك/٩٥٤ز) نازناوی (ئەمیری باوەڕداران)ی لەخۆی نا[٢٨]

لەگەڵ هەموو ئەم دابەشبوون‌و میرنشین‌و دەسەڵاتە ناوچەییانەشدا، بەهەموو ناوچەكان دەوترا (وڵات‌و خاكی موسڵمانان)، كە ئەم یەكبوونە ئیسلامییە پەیوەست نەبوو بەو سنوور و دەسەڵاتە سیاسییە نوێیانەوە. هەربۆیە موسڵمانان دەیانتوانی بە ئازادی‌و بەئاسانی بێگوێدانە سنووری میرنشین‌و دەسەڵاتدارەكان هاتووچۆ و مامەڵە بكەن‌و لەكوێ بیانەوێت ژیانیان بگوزەرێنن[٢٩]. ئە وەش كاریگەری لەسەر ژیانی ئابووری و فەرهەنگی خەڵك و دانیشتوانی ئەو سنوورانە هەبوو.

**تەوەری دووەم**

**بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی**

لەبەرئەوەی ژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتی، پەیوەندیی‌و سەروكارییەكی تووندوتۆڵیان پێكەوە هەیە، تەنانەت زۆر جار یەكێكیان بڕبڕەی پشتی ئەوی تریان بووە، بۆیە بەیەكەوە باسمان كردووە و ناومان هێناوە. لەم سەردەمەشدا كۆمەڵگەی موسڵمانان بەشێوەیەكی گشتی بەسەر دوو چینی سەرەكیدا دابەشكرابوون، ئەوانیش: چینی تایبەت

---

الطبعة الاولى، دار الفكر العربي-القاهرة، ٢٠٠٢م، صص(١٩٤-٢٠٦)؛ محمود ايوب النشاوي: الفكر السياسي في القرنين الثامن والتاسع الهجريين بين النقل والعقل، الطبعة الاولى، مركز الكتاب للنشر، ٢٠٠٦م، ص٨٣)).

٢٥. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((احمد كسروی: شهرياران گمنام، چاپ دوم، نوبهار، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٨ه.ش، -صص(٢٥٩، ٢٦٥، ٣٠٧) )).

٢٦. العش: م.س، ص٢٠٩.

٢٧. حسن ابراهيم حسن: م.س، ٢٦٠/٣؛ متز: م.س، ص٢١، فيليس كورزين: امبرطورى اسلامى، ترجمة: مهدي حقيقت خواه، چاپ اول، انتشارات ققنوس-تهران، ١٣٨٦ه.ش، ص١٠٠.

٢٨. متز: م.ن، ص٢١.

٢٩. م.ن، ص٢٢.

(الخاصـــة)و چینی گشـــتی (العامة). ئەمەو هەســـت بەبوونی چینێکی دیکەش کراوە، کە بە چینی ناوەند (الطبقة الوســـطی) ناوی هاتووە. (أبو حیان التوحیدی)یش لە تۆمارێکدا ئەمەی زیاتر ڕوون کردۆتەوە، کاتێك ئاماژەی بەوە کردووە، لە ڕووی دارایییەوە خەڵکی لە (سـێ) ئاسـتدا بوون: (ئاسـتی دەوڵەمەندیی، ئاسـتی هەژاری و دەسـتکورتی)و ئاســتێکی دیکە لەنێوان هەردوو لادا کە (مام ناوەند یان ناوەڕاســـت (الوســـطی) بووە[٣٠]. وەك تێبینیش کراوە دابەشـــبوونی چینەکانی کۆمەڵگە لەســـەدەی چوارەمی کۆچی بەرامبەر دەیەمی زایینی، بەپێی پلەبەندیی ئابووریی‌و زۆر و کەمی سەرچاوەی داهاتیان، بەم شێوەیە بووە:

١.چینی باڵادەســـتو پلە بەرزەکان: ئەمانەش بریتی بوون لە (خەلیفەو وەزیرەکان وگەورە بازرگانان‌و ســـەرکردە ســـەربازییەکان و پیاوماقوڵان). ئەم چینە کەمینەیەکی دەســـەڵاتداری دەوڵەمەند بوون، کە زۆرترین داهاتیان لەلا کەڵەکە ببوو. تەنانەت خۆیان‌و دەســـتوپێوەندەکانیان لەوپەڕی خۆشـــگوزەرانی و پۆشـــتەیدا دەژیان. داهات و باج و خەراج لە سـەرجەم ناوچەکانی خیلافەتەوە بۆ خەزێنەی خەلیفە دەهات، هەروەك کۆشـکەکانی خەلیفەو کاربەدەسـتە گەورەکان پڕ بووە لە خزمەتکاری لاو و کەنیزەك. وەکو گوتراوە خەلیفە (المقتدر بالله) زیاتر لە (١١هەزار) خزمەتکاری خەســـێنراوی ڕۆمی و ســـودانی هەبووە، ســـەرەڕای ئەوەی پارەیەکی زۆر لە دروســـتکردن و ڕازاندنەوەی کۆشـــك و تەلارەکان و، کۆڕی گۆرانی و شیعرگوتندا خەرج کردووە[٣١]. وەك نموونەش بە خۆشگوزەرانی‌و دەوڵەمەندی ئەم چینە، کاتێك ســـەرکردەی تورك (بجکم) کوژرا، خەلیفە (المتقی لله) لەکاتی پشـکنینی کۆشـکەکەیدا زیاتر لە (ملیۆنێك و دوو ســـەد دینار)ی دۆزییەوە، جگە لەوەی ئەم ســـەرکردەیە زۆرترینی داهاتەکەی لە بیاباندا بەشـــێوازێکی زۆر تایبەت شاردبوویەوە، کە جگە لەخۆی کەس نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە[٣٢]!

٢.چینی ناوەند: لە هەندێك (بازرگان و خاوەن موڵکە مام ناوەندەکان) پێکهاتبوون، کە بەهۆی پەیوەندییان بە چینی فەرمانڕەوا لەلایەك و کۆمەڵانی خەڵك لەلایەك دیکەوە ژیانیان دابین دەبوو.

٣.چینی هەژاران: ئەمانیش، کە زۆرینەی کۆمەڵگەیان پێکهێنابوو لە خەڵکانی (جوتیار و کرێکار و دەربارەکانی خەلیفە و ئەمیرەکان) پێکهاتبوون. ســـەرباری ژمارەیەك لە زانایان و فەقیهەکان، کە لەم چینە بوون یاخود بەرەی ئەم چینە مافخوراو و بێبەشـکراوەیان هەڵبژاردبوو. واتە لەبری ئەوەی مەرایی بۆ دەســـەڵاتداران و دەوڵەمەندەکان بکەن، لەســـەر بازووی خۆیان دەژیان و عیزەتی نەفس و ڕێزی خۆژانین هاندەریان بوو، بۆیە نە خۆیان نە بەرهەمەکانیان، نەخستبووە خزمەتی دەسـەڵاتدارانەوە. (ابن خلکان) لە باسـی (عبدالوهاب البغدادی/٤٢٢ك- ١٠٣١ز) ئەدیب و شـاعیر و فەقیهدا ئاماژەی بەوە داوە، کە لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ژمارەیەکی زۆر دانراوی دانســـقەی ئەدەبی و فیقهی بووە، بەڵام سەخت و کوڵەمەرگانە ژیاوە. تەنانەت زۆرجار خواردنی ڕۆژێکی نەبووە[٣٣].

---

٣٠. :البصائر و الذخائر، تحقیق: وداد القاضی، الطبعة الاولی، دار صادر- بیروت، ١٩٨٨م، ٥/٥.

٣١. ابن الطقطقی: م.س، ص٢٦٠؛ احمد امین: م.س، ٥٨/١؛ بدری محمد فهد: العامة بغداد في القرن الخامس الهجری، الطبعة الاولی، مطبعة الارشاد- بغداد، ١٩٦٧م ، ص١١.

٣٢. ابن الاثیر: ن.م، ١٥٤/٧-١٥٥.

٣٣. : م.ن، ٢١٩/٣-٢٢١.

لە ڕوویەكی دیكەوە هەندێك لە توێژەران لە ڕووی پێكهاتەو ئایینەوە باسیان لە چینەكانی كۆمەڵگەی سەدەی چوارەم كردووە لەوانە (عەرەب، فارس، تورك، كورد، مەوالی).هەروەها (ئازاد، كۆیلە، موسڵمان، مەسیحی، جولەكە، مەجوسی، ....تاد)[٣٤].

سەبارەت بە ڕادەی ئەو گرانی و برسێتییەی باڵی بەسەر وڵاتدا كێشابوو، باس لەوە كراوە، كە لە ساڵی (٣٣٠ك/٩٤١ز)دا عێراق گرانییەكی بێوێنەی بەخۆوە بینی، لاواز و بێ دەرەتانەكان لە برساندا ئاژەڵی مردارەوەبوویان دەخوارد، هەروەها مردن و نەخۆشی زۆر بوو[٣٥]. (ابن عماد الحنبلي/١٠٨٩ك/١٦٧٨ز) ئاماژەی بەوە كردووە، كە هەر لەو ساڵەدا "گرانیی و برسێتی و نەخۆشییەكی زۆر بەغدادی گرتەوە، خەڵكی گۆشتی مردوویان دەخوارد[٣٦].

ئەم گرانیی و برسێتییە بە شێوەیەكی وا تەنگی بەخەڵكی بەتایبەت چینی هەژاران هەڵچنیبوو، كاری لە تاك و خێزانەكان كردبوو. وەك ئەوەی باس لەوە كراوە، كە لە ساڵی(٣٣٤ك/٩٤٥ز)دا برسێتیی‌و گرانی هێندە بەهێز بوو، خەڵك ناچار بوو گۆشتی سەگ و پشیلە و ئاژەڵی تر بخوات. هەروەها گژوگیا و خرنوك بخۆن، سەرەڕای ئەوەش نەخۆشی و دەرد زۆر بەربڵاو و تاقەت پروكێن بوو. تەنانەت مردن هێندە زۆر بوو توانای ناشتنی مردووەكانیان نەبوو، لەبەرامبەرەدا سەگ تەرمەكانی دەخوارد[٣٧]. دیارە لەگەڵ ئەوەشی كشتوكاڵ كۆڵەكەی ئابووری وڵات بوو، بەڵام خەلیفە و فەرمانڕەواكان هیچ هەنگاوێكی گرنگیان نەگرتبووە بەر بۆ پێشخستن و ڕێكخستنی كاروباری كشتوكاڵی، هەتا بەهۆیەوە بتوانرێت پێداویستییەكانی هاوڵاتیان دابین بكات و كەمێك لە كێشەو و گرفتە ئابوورییەكان كەم بكاتەوە[٣٨]. دواكەوتنی ژیانی ئابووریی و بارقورسی سەرشانی جوتیاران دەكرێت لەم چەند لایەنەدا بیخەینە ڕوو:

١.پشگوێخستنی هۆكارەكان و ئامرازەكانی ئاودێری: جۆگەكانی ئاودێری، كە زەوییە كشتوكاڵییەكانی پاراو دەكرد، پێویستی بە چاودێری و پاككردنەوەی بەردەوام هەبوو، ئەمەش لەتوانای تاكەكەس و خێزانە جوتیارەكان بەدەربوو. دەوڵەتیش هیچ بە تەنگەوە هاتن‌و دەستبارێكی نەدەكردن. بەم هۆیەوە زۆرینەی زەوییەكان بووبوونە گۆلاو و زەلكاو، تەنیا بەشێكی كەمی بۆ كشتوكاڵ دەستی دەدا، ئەمەش كەمبوونەوەی دانەوێڵەو پێداویستییە خۆراكییەكانی لێكەوتبووەوە[٣٩].

٢.باڵادەستیی سیستەمی دەرەبەگایەتی: زەوییەكان كرابوون بە (دوو)بەشەوە بەشێكیان لەڕێگەی دەرەبەگەوە لە موڵكەكانی (بیت المال) دەدران بە سەركردەكانی سوپاو كاربەدەستان، ئەوانیش بە ویستی خۆیان هەڵسوكەوتیان پێوە دەكرد. هەموو ئەمانەش باری سەرشانی جوتیارانی قورس كردبوو، بەبێ ئەوەی بۆ چاككردنی زەوییەكان هیچ هاوكارییەكیان بكەن[٤٠]. جۆرەكەی دیكەیان (زەوی خەراج) بوو، كە ئەو زەوییانە لەبەرامبەر بڕێك پارەدا بۆ (بیت المال) دەگەڕایەوە بە (وەزیرەكان و كاربەدەستەكان) دەدرا. خاوەنی ئەم زەوییانە بەهەموو ڕێگاو شێوەیەك پارەیان

٣٤. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((حسن ابراهيم حسن: م.س، ٣/ ٤٣٠-٤٣٥) )).
٣٥. ابن الاثير: م.س، ١٦٨/٧.
٣٦. : شذرات الذهب في اخبار من ذهب، تحقيق: محمود الارناؤوط، دار ابن كثير-دمشق، ١٦٧/٤.
٣٧. بڕوانە: (ابن الاثير: م.س، ٢١٧/٧؛ ابن تغرى البردي: م.س، ٣٢٩/٣).
٣٨. فؤاد معصوم: اخوان الصفاء وفلسفتهم و غايتهم، الطبعه الاولى، دار المدى للثقافة والنشر- دمشق، ١٩٩٨م ، ص٣٥.
٣٩. م.ن، ص ٣٥.
٤٠. حسن ابراهيم حسن: م.س، ٣٠٢/٣-٣٠٣.

لە وەرزێرەکان وەردەگرت، ئەمەش وایکردبوو زۆرجار جوتیارەکان لە پێناو ڕزگار بوونیان لەو بارگرانییە، زەوییەکانیان بە جێبهێڵن[٤١].

٣.باج و دەست بەسەرداگیراوەکان: ئەمەش سەرچاوەیەکی تری برسێتیی و گرفتی ئابووریی بوو، بەهۆی زۆری دیاردەی سەپاندنی باجی جۆراوجۆرەوە. وەك ئەوەی (عضد الدولە) هەستا بە سەپاندنی باجی کڕینی ئەسپ، حوشتر، مانگا، ... تاد) لە بازاڕدا. هەروەها کاربەدەستو وەزیرەکان باجی جۆراوجۆریان دەسەپاند، وەکو باجی سەر دروستکراوەکانی (ئاوریشم و لۆکە). هەروەها (زەیت، ئارد، سەوزە، میوە،....تاد). تەنانەت سەپاندنی ئەم باجانەش هێندە تاقەت پڕوکێن بوون، زۆرجار شۆڕشو ناڕەزای کاسبکارانی لێدەکەوتەوە وەکو ئەوەی لەساڵی (٣٨٩ك/٩٩٩ز) لە (بەغداد) بەرپابوو[٤٢]. لەلایەکی دیکەوە دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی هاوڵاتیان لەلایەن والی و کاربەدەستانەوە دیاردەیەکی بەربڵاو بوو. دەست بەسەرداگرتنیش شێوازێکی هەرەمی وەرگرتبوو، ئەمیرەکان دەستیان بەسەر موڵك و ماڵی وەزیرەکاندا دەگرت، وەزیرەکانیش سامانی بازرگانەکانیان زەوت دەکرد، بازرگانەکانیش شمەك و کاڵاکانی ناوبازاڕیان بۆ بەرژوەندی خۆیان قۆرخ کردبوو. بەم شێوەیە هەتا کۆتایی هەرەمەکە. ئامانجیش بەدەستهێنانی زۆرترین دارایی و داهات بوو. بۆ ئەم مەبەستەش توندترین شێوازەکانی ئەشکەنجەدانیان بەکاردەهێنا، تەنانەت هەندێك کاربەدەست دەستیان بەسەر میراتی مردووانیشدا دەگرت با میراتگریشیان هەبووایە، فشاری توندیش دەخرایە سەر کەس و کاری مردووەکە هەتا دان بە بڕی ئەو داهاتەدا بنێت کە لەدوای خۆی بەجێ هێشتبوو[٤٣].

ئەمانەو ئەو ڕاو و ڕووتو تاڵانییانەی، کە سوپا لە بارودۆخە جیاوازەکاندا پێی هەڵدەستا، بەتایبەتی لە کاتی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینەکاندا، کاریگەریی گەورەو خراپی لەسەر زیادبوونی گرانی و برسێتی و ناهەمواری باردۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو. گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیش لەو قۆناغەدا ئەوە بوو، کە لە موڵکدارێتی زەویدا هاتە ئارا. کاتێك دەرەبەگەکان وەك خاوەن زەوی و موڵك دەرکەوتن. ئەمەش ئەو کاتەی دەسەڵات (خیلافەت) لە بری نەتوانینی دابینکردنی موچەو مافەکانیان، سەرکردەکانی سوپای دەستکراوە کرد لە کۆکردنەوەی باج و خەراج هەروەها دەست بەسەرداگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان، کە ئەمەش دەرکەوتنی ئەو توێژەی لە کۆمەڵگای ئیسلامی لێکەوتەوە[٤٤].

ئەم بارودۆخە ناهەموارە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەی چینی هەژاران و جوتیاران و کۆیلەکان و مەوالییەکان لە ژێریدا دەیانناڵاند، بووە داینەمۆ و بزوێنەری ژمارەیەکی زۆری شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخۆدان لەم سەدەیە و سەدەکانی دواتر. هەر لە دەرکەوتنی کۆمەڵەکانی (العیارون والشطار)، تا بە دەرکەوتنی کۆمەڵەکانی (کۆیلە و

---

٤١. فؤاد معصوم: م.س، ص٢٥.

٤٢. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (ابن حوقل: المسالك و الممالك، الطبعة الاولی، لیدن، ١٩٣٨م،٢/٢١٤؛ الصابي، تحفه الأمراء بتأريخ الوزراؤ، تحقيق: عبدالستار احمد فراج، القاهرة، ١٩٥٨م، ص٣٦٨؛ عبدالعزيز الدوري: تاريخ العراق الاقتصادي في القرن الرابع الهجري، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، ١٩٩٥م، صص٢٢٦-٢٢٨).

٤٣. .الدوري: م.س، صص٢٢١-٢٢٢، فؤاد معصوم: م.س، ص٣٥.

٤٤. س.د.جواتيان: دراسات في التاريخ الاسلامی و النظم الاسلامية، تعريب وتحقيق: عطية القوصي، الطبعة الاولی، وكالة المطبوعات الكويت، ١٩٨٠، ص٦٨.

قەرامیتە) دەگات. ئامانجی ئەو کۆمەڵانەش دژایەتیکردنی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی و خۆ بەبێبەشزانینیان لەوخۆشگوزەرانییەی، کە کاربەدەستان تێدا دەژیان[٤٥].

**تەوەری سێیەم**

**بارودۆخی ئایینی و ڕۆشنبیری**

سەرەڕای خراپی بارودۆخەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەم سەدەیەدا، کەچی لایەنی ڕۆشنبیریو ئایینیو هزری، هەنگاوی گەورەی نا، کە دەتوانین بە سەردەمی زێڕینی پێشکەوتنی شارستانێتی مێژووی خیلافەتی عەبباسی ناوی بنێین.

ئاشکرایە کرانەوەو ئاوێتەبوون بەڕووی گەلانی دیکەو ئایین و ئایینزا جیاوازەکان، بۆ قۆناغە بەراییەکانی مێژووی عەبباسییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە لەم سەدەیەدا شکۆفەی کرد و گەیشتە لوتکە. بەهۆی ئەوەی هاندانی وەرگێڕان و ڕۆشنبیری ناعەرەبی پەرەی سەند[٤٦]. هەر وەك گفتوگۆ و هەڤپەیڤینی عەقڵی موعتەزیلەکان، کە بە پاڵپشتی هەندێك لە خەلیفە و کاربەدەستان ئەنجام دەدرا رۆلی خۆی گێڕا. بەمەش زۆرێك لە بابەتە عەقیدەیی و فەلسەفییەکان تەشەنەی سەند و گەشەی کرد. دیارە ئەو گفتوگۆ و دیبەتانەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر (فیکری سیاسی ئیسلامی) بەجێهێشت[٤٧]. هەربۆیە یەکێك لە خەسڵەتە ڕۆشنبیری و ئاینییەکانی ئەم سەدەیە، دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زانستە ئیسلامییەکان بوو بەهەموو لقە جیاوازەکانییەوە[٤٨]. ئەمەش بەهۆی دەرکەوتنی چەندین زاناو بلیمەت لە سەرجەم بوارەکاندا.

لەبواری (سیاسی)دا چەندین دانراوی گرنگ دانران، لەوانە: (الوزراء والکتاب)ی (الجهشياري/٣٣١-٩٤٣ز). گرنگی ئەم پەرتوکەش لەوەدا بوو، کە گرنگیدا بە (وەزیر و نوسەرەکان) ئەوانەی ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانو کاربەدەستان بوون. لەلایەکی دیکەوە باسی لە مێژووی وەرزارەت کردبووە، هەر لە سەردەمی ساسانییەکان و دەرکەوتنی لە سەردەمی عەبباسی یەکەمدا، هەتا کۆتاییەکانی سەدەی (سێیەمی کۆچی بەرامبەر بە سەدەی نۆیەمی زایینی). هەروەها مێژووی نوسەرانیشی لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (د.خ) باس کردبوو، سەرباری باسکردن لە هەندێ لایەنی ژیانی شارستانییانەی ساسانییەکانو کاریگەری شارستانییەتی ئەوان لەسەر ژیانی موسڵمانان لەم سەردەمدا، بە تایبەتی ڕێکخستنی کارگێڕیو وەرگرتنی باجو دامەزراندنی دیوانەکان[٤٩].

---

٤٥. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((كورزين: م.س، صص(٩١-٩٣)؛ فهمي سعيد عبدالرزاق: العامة في بغداد خلال القرنين الثالث والرابع الهجريين، الطبعة الاولى، بلا، صص (٢٩٧، ٣٠١) )).

٤٦. كورزين: م.س، صص٨٦-٨٧؛ العش: م.س، ص٢٣٨.

٤٧. احمد شوقى ابراهيم العمرجي: المعتزلة في بغداد وأثرهم في الحياة الفكرية والسياسية، الطبعة الاولى، مكتبه مدبولي-القاهرة، ٢٠٠٠م، ص١٠؛ الفقي: م.س، صص١٧٩-١٨٠.

٤٨. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((علاء الدين سيد امير محمد القزويني: الشيعة الامامية ونشأه العلوم الاسلامية، الطبعة الاولى، قم، بلا، صص(٩-١٨)) ).

٤٩. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (الجهشياری: الوزراء والكتاب، تقديم: حسن الزين، دار الفكر الحديث-بيروت، ١٩٨٨م، صص(٥-٧).

(الماوردی/٤٥٠ك-١٠٥٨ز) یش چەندین دانراوی گرنگی سیاسیو پەیوەست بە پەیوەندی نێوان هاوڵاتیو فەرمانڕەواکان نووسی، لەوانە: (الاحکام السلطانیه والویلایات الدینیه، قوانین الوزارة و سیاسة الملوك، نصیحة الملك، تسهیل النظر و تعجیل الظفر...)، ئەمانەو چەندین دانراوی گرنگی دیکە لەلایەن نوسەرانی ئەو سەردەمەوە[٥٠].

لە زمانی عەرەبی و زانستەکانیشدا (الحسین بن احمد بن خالویە/٣٧٠ك-٩٨٠ز)، (علی بن عیسی بن الفرج الربعي/٣٩٢ك-١٠٠١ز)، (بدیع الزمان أبوالفضل احمد بن الحسین الهمذانی/٣٩٨ك-١٠٠٧ز) وچەندانی دیکە دەرکەوتن[٥١]. هەروەها کتێبی (یتمة الدهر)ی (الثعالبي/٤٢٩ك -١٠٣٨ز) یەکێك بوو لە باشترین کتێبەکانی سەردەمەکە [٥٢]. لە مێژووی هونەریشدا: (ابو فرج الاصفهاني/٣٥٦ك-٩٦٧ز) بە شاکاری (الاغانی) کەوتە نێوناوان[٥٣].

لە فەرمووده و فەرموودەناسیدا، چەندین زانست سەریان هەڵداو گەشەیان کرد لەوانە بابەتی (الناسخ والمنسوخ، الجرح والتعدیل)[٥٤]. لە فەرموودەناسانی ئەو سەردەمەشدا هەریەك لە (ابوبکر محمد بن عبدالله الشافعی البغدادي/٣٥٤ك-٩٦٥ز، (الدار القطنی/٣٨٥-٩٩٥ز)، (عمر بن احمد الواعظ/٣٨٥ك-٩٩٥ز)، (الحاکم النیسابوری/ ٤٠٥ ك-١٠١٤ز،...هتد) بوون. هەر لەم سەدەیەشدا پلەکانی فەرمووده لە ڕووی ڕادەی بەهێزیو دروستییەوە خەمڵێ، لەوانە پلەکانی (الصحیح، الحسن، الضعیف، الاحاد، المرسل...) ڕێ و شوێنی تایبەتییان بۆ دانرا[٥٥]، کە هەتا ئەمڕۆش بەو شێوەیە ماونەتەوەو گرنگیی خۆیان هەیە .

لە زانستی کەلامیشدا (الاشعری/٣٢٤ك-٩٣٦ز)و (الباقلانی/٤٠٣ك-١٠١٣ز) قوتابی لە نێو ئەهلی سوننەدا دەرکەوتن. هەروەها لە (شیعە)شدا (الشیخ المفید/٤١٣ك-١٠٢٣ز) ناسراو بە (ابن المعلم)، کە پایەدارترین کەسایەتی زانستی شیعە بوو لە فیقهە و زانستی کەلام و بابەتە ئایینیەکانی دیکەدا دەرکەوت. (ابن الندیم)یش ئاماژە و هێمای بە پێشەنگیو باڵادەستی ناوبراو کردووە[٥٦]. سەرباری ئەمیش چەندین زاناو بیرمەندی دیکەی شیعە بوونیان هەبووە لەوانە (شریف المرتضی الموسوی/٤٣٦ك-١٠٤٤ز) یەکێك بوو لە شارەزایانی (ئەدەبو شەریعەت و کەلام)و چەند دانراوێکیشی هەبووە لەوانە (کتاب الشافي في الامامة، کتاب تنزیه، کتاب الانبیاء، کتاب الامالي). لە پەیڕەوانی موعتەزیلەشدا (القاضی عبدالجبار/٤١٥ك-١٠٥ز)و (ابو علی الجبائی/٣٠٣ك-٩١٦ز)و (ابو هاشمی کوڕی/٣٢١ك-٩٣٣ز) دیارترینەکان بوون[٥٧].

سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم زانستە (کەلام) لە پێداویستی بەرگریکردن بوو لە ئیسلام بە چەکی فەلسەفە دژی نەیارانی، کە بەهەمان ئامراز پەلاماریاندا. شایانی وتنە لە دوای بابەتی (خلق القران) زانستی کەلام لە ژێر کاریگەریی موعتەزیلەکاندا زیاتر پێی خۆی قایم کرد[٥٨].

---

٥٠. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((أبوالحسن علی بن محمد حبیب البصري: ألأحکام السلطانیة و الولایات الدینیة، الطبعة الثانیة، مکتبة مصطفی البابي الحلبي و أولاده- القاهرة، ١٩٦٦م).

٥١. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (احمد امین: م.س، ٢/٧٧-٨١).

٥٢. م.ن، ٢٠٨/١.

٥٣. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (الأغاني، الطبعة الأولی، دارالکتب المصریة-القاهرة، بلا).

٥٤. احمد امین: م.س، ٤٢/٢، حسن ابراهیم حسن: م.س، ٣٤٦-٣٤٧.

٥٥. احمد امین: م.ن، ٢٩٩/٢-٣٠١.

٥٦. :الفهرست، تحقیق: رضا تجدد، الطبعة الاولی، بلا، ص٢٢٦.

٥٧. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((احمد امین: م.س، صص(٣٢-٣٨) )).

٥٨. م.س، ٤٥/٢-٤٦.

لەلایەکی دیکەوە ئەم سـەدەیە بە چاخی زێڕینی تەسـەوفی ئیسـلامی دادەنرێت، کە سـەرچاوەیەك بوو بۆ پاکژکردنەوەی دڵ و دەروون، هەروەك ڕێگایەکیش بوو بۆ دەسـتخسـتنی مەعریفە لەبەرامبەر ئەهلی کەلامدا[٥٩]. لە سۆفییە گەورە و ناودارەکانی ئەم سەردەمەش (ابو عبدالله حسين منصور الحلاج/٣٠٩ك-٨٥٨ز)[٦٠]و (ابو طالب المكى/ ٣٨٦ك-٩٩٦ز) و چەندانی دیکە بوون[٦١].

شـانبەشـانی ئەم لایەنانە، فەلسـەفەی ئیسـلامیش گەیشـتە ئاسـتێکی بەرز. لە فەیلەسـوفانی ئەم سـەردەمەش (ابن سـينا/٤٢٨ك-١٠٣٧ز)و هەروەها (الفارابى/٣٣٩ك-٩٥١ز) بوو، کە ڕۆڵی ڕاسـتەقینەو گرنگیان بینی لە بوارە جیاوازەکانی فەلسەفەی ئیسلامیدا[٦٢]. ئەمەو (مسكويه/٤٢١ك-١٠٣٠ز)و (ابو بكر الرازى/٣٢٠ك-٩٣٢ز)و (على بن عباس المجوسى/٣٧٢-٩٨٣ز)، دەرکەوتنو جێگە دەسـتیان دیار بوو[٦٣]. هەروەها کۆمەڵەی (اخوان الصـفاء)یش بە تێز و تێڕوانینە وورد و فەلسەفییەکانیانەوە لە بەناوبانگترین کۆمەڵەی هزری و فەلسەفی ئەم قۆناغە بوون[٦٤].

هەر لەم سـەردەمەدا (وەرگێڕان) گەیشـتە پلەیەکی بەرز، بە ئاسـتێك کار بەو وەرگێڕدراوانە نەدەکرا، کە لە سەردەمەکانی پێشووتردا ئەنجام درابوون، بەڵکو دەستکرا بە دووبارە وەرگێڕانەوەی بابەتەکانی فەلسەفەی یۆنانی[٦٥]، لە دیارترین وەرگێڕەکانیش (متى بن يونس القنائى/٣٢٨ك-٩٣٩ز)، کە لە سـەردەمی خەلیفە (الراضـى)و لە شـاری (بەغداد) ژیاوەو کاری وەرگێڕانی کردووە. هەروەها (سنان بن ثابت/٣٦٠ك-٩٧١ز)و (يحيى بن عدى/٣٦٤ك-٩٧٥ز) گرنگی و بایەخیان بە وەرگێڕانی بابەتەکانی (مەنتق و زانسـتە سـروشـتییەکان)دا، کە ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکانی گەشەسەندنو بوژاندنەوەی هزریی بووە لەو سەردەمەدا[٦٦].

لە ڕووی ئەدەبییشـەوە بەهۆی ئەوەی هەندێك لە میرەکانی بوەیهی شـاعیر بوون[٦٧]، بۆیە بایەخیان بە شـاعیرانو وێژەوانان داو کۆڕ و دانیشـتنی بەرفراوانیان بەو بۆنانەوە ڕازاندەوەو پارەیەکی زۆریشـیان لە کێبرکێو هاندانی شاعیراندا خەرجکرد. بەوەش ناسران دەستو دڵکراوە بوون بەرامبەریان. بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسـەر گەشـەسـەندنی شیعر و هونەر بە بوارە جیاوازەکانیانەوە هەبوو. لە شـاعیرە ناودارەکانی ئەم سـەردەمەش (ابو

---

٥٩. حسن ابراهيم حسن: م.س، ٣/١٥٧-١٥٨؛ ابو العلا عفيفي: التصوف الثورة الروحية في الاسلام، الطبعة الاولى، دار المعارف- الاسكندرية، ١٩٦٣م، ص٩٢.

٦٠. القرطبي: صلة تاريخ الطبري، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٣٢٠ه، صص٩٩-١٠٠؛ ت.ج. دي دبور: تأريخ الفلسفة في الاسلام، نقله الى العربية: محمد عبدالهادي أبو ريدة، القاهرة، ١٩٣٨م، صص١٢٧-١٢٨؛ الهمداني: م.س، ص١٧، حسن ابراهيم حسن: م.س، ٣/٢٣١-٢٣٢.

٦١. الهمداني: م.س، ص١٧.

٦٢. احمد امين: م.س، ٢/١٠١-١٠٢.

٦٣. ابن العبرى: م.ن، ١٧١-١٧٢.

٦٤. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((احمد امين: م.س، (٢/١١١-١٢٢)، حسن ابراهيم حسن: م.س، (٣/٣٨٩-٣٩١) )).

٦٥. عبدالرحمن بدوى: منطق ارسطو، الطبعة الاولى، الناشر وكاله المطبوعات الكويت-الكويت، دار القلم-بيروت، ١٩٨٠م، ١/٧ -٩، كورزين: م.س، صص٨٦-٨٧.

٦٦. اميرة حلمى مطر: الفكر الاسلامى و تراث اليونان، الهيئة المصرية العامة للكتب-القاهرة، ١٩٩٦م، ص٢٦.

٦٧. لەوانە (عضد الدولە) شاعیرێکی بەتوانا بووەو شیعرەکانی تەڕو پاراو و بەرز بوون، کە شاعیرێکی وەکو (الصاحب بن العباد) پێی سەرسام بووەو شانازیشی پێوە کردووە، هەروەك (ابو اسحاق الصابى) لە (التاجى)دا ژمارەیەکی زۆر لە بەیتە شیعرییەکانی تۆمار کردووە. (عز الدولە) ناسراو بە (بەختیار) یەکێکی دیکە بووە لە میرە شاعیرەکانی بوەیهیو چەندین هۆنراوەی بەپێزی هەبووەو پەیوەندیو دۆستایەتیشی لەگەڵ زانایانو ئەدیباندا پتەو بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الثعالبي: يتيمة الدهر، تحقيق: مفيد محمد محيقه، دار الكتب العلمية- بيروت، ١٩٨٣م، ٢/٢١٧، ٢٥٧-٢٦٤ ).

الحسن السلامی/٣٩٣ك-١٠٠٣ز) لەناوداترین‌و زمانپاراوترین شاعیرەکانی عێراق بوو[٦٨]. بەهەمان شێوە لەنێو سنووری دەوڵەتانی تری سەردەمەکە وەك دەوڵەتانی (سامانی و حەمدانی و فاتیمی و ئومەوی ئەندەلوس) دەیان شاعیر و ئەدیب و نووسەر دەرکەوتن [٦٩]. دیارترینەکانی سەردەمەکەش (ابو الفضل بن العمید/٣٦٠ك-٩٧١ز) سەباری ئەوەی وەزیری بوەیهییەکان بوو، لە دیارترین ڕەوانبێژان‌و نوسەرانی سەدەکە بوو لە عێراقداو ناوی بە (الجاحظ الثانی) دەرکرد بوو[٧٠]. هەروەها (الصاحب بن العباد/٣٨٥ك-٩٩٥ز) بە شاعیرە چاكو بەتواناکانی ئەو سەردەمە دانراوە[٧١].

زانستی (پزیشکی)ش شانبەشانی زانستەکانی دیکە گەشە ی کرد ئەم زانستە لەسەردەستی زانا موسڵمانەکان بوژاندنەوەو گەشەیەکی بەرفراوانی بەخۆوە بینی. ئەمەش لەسەردەستی ژمارەیەك پزیشکی گەورەدا هاتە ئاراوە، لەوانە (هلال الصابی/٣٨٤ك-٩٩٤ز)[٧٢] ، یەکێکی دیکە لەو پزیشکانەی لەسەردەمی (المطیع لله) ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە چارەسەری نەخۆشییەکان و دواتریش بووە سەرۆکی نەخۆشخانەی بەغداد (ثابت بن سنان/٣٦٥ك-٩٧٦ز) بوو[٧٣]، (ابن سینا)ش لە ناسراوترین‌و بەناوبانگترین پزیشکەکانی ئەو سەردەمە بووە، کە چارەسەری سەختترین نەخۆشییەکانی سەدەکەی و خاوەنی پەرتوکی (القانون فی الطب) بوو. ئەو کتێبەی بنەماو ڕێبازی زانستی پزیشکی‌و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی بە شێوەیەکی ووردو پێشکەوتوو تێدا باس کرد. لەگەڵ بوونی ئەم پزیشکە گەورانەدا دەسەڵاتی بوەیهی بنیاتنان‌و دروستکردنی نەخۆشخانەو ناوەندە پزیشکییەکانیان لە بیر نەکرد، لەوانە (عضد الدوله) نەخۆشخانەی (ئەلعیزدی-العضدی) لەساڵی (٣٧١ك/٩٨٢ز) لهشاری بەغداد دروستکرد، کە بە شێوەیەکی پێشکەوتووی سەردەم لە خزمەتی نەخۆشەکاندا بوو[٧٤]. دیارە ئەم پێشکەوتنە زانستی و گەشە ڕۆشنبیرییانەش لەسەر هەموو ئاستەکان، بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە گەڕایەوە:

١. ئەو پێشبڕکێ بەهێزەی لەنێوان شارەکانی جیهانی ئیسلامیدا هەبوو، بەهۆیەوە زانایان و بیریاران لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەچوون، لە چاودێری و پاراستنی ئەمیرێکەوە دەچوونە ژێر چاودێری ئەمیر یاخود سوڵتانێکی ترەوە. ئەمەش بەهۆی خواستی زانستخوازیی هەندێ لە میر و سوڵتانەکان بۆ ئەدەب و زانست، یاخود تەنیا بۆ ناوبانگ پەیدا کردن و خۆ دەرخستن بوو.

٢. سەرباری بوونی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی، چەندین دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوچەیی تر دەرکەوتن، هەربۆیە ئەگەر زانایان و شاعیران لە ناوچەیەك ڕێگری یان دژایەتی بکرانایە، پەنایان بۆ ناوچەیەکی دیکە دەبرد، کە نرخی خۆیان‌و بیروڕاکانیانیان دەزانی.

٣. سەرباری لاوازی خیلافەتی عەبباسی و خەلیفەکانی، سروشتی دەسەڵاتی بوەیهییەکان وەها بوو، کە هەر لە سەرەتاوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لەنێوان هەر (سێ) براکەدا دابەشکردبوو، هەر یەکەشیان پێگەو دەسەڵاتی لە هەرێمێکدا هەبوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر تەواوی ناوچەکانی خیلافەت هەبوو، بەوەی جیهانی ئیسلامی

---

٦٨. الثعالبی: م.ن، ٤٦٦/٢.

٦٩. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((احمد امین: م.س، (١٣٣/١-٢٥٢) )).

٧٠. الثعالبی: م.ن، ١٨٣/٣-٢١٥؛ متز: م.س، ٣٢٢/١.

٧١. الثعالبی: م.ن،، ٣/.٢٢٥.

٧٢. ابن العبری: م.س،ص٢٩٠.

٧٣. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((أبن العبري: ن.م، صص(٢٧٥-٢٩٦) )).

٧٤. ابن خلکان: م.س، ٥٤/٤؛ ابن کثیر: م.س، ٣٢٧/١١.

بۆ چەندین میرو میرنشـــینی ســـەربەخۆ و نیمچە ســـەربەخۆ دابەش بێت، زۆرێك لەو میرو و وەزیرانەش هەوڵی نزیككردنەوەی بیرمەندانو زانایانیان لەخۆیان دەدا[٧٥]. ئەمەش لەلایەك بەهۆی خواســـتو ئارەزوویان لە زانســـتو زانیاری یان بۆ ڕازاندنەوەی دانیشتنو كۆڕەكانیان بەو گەورە پیاوانە، ئەمەش ڕۆڵی خۆی لەگەشـەكردنی هرز و بابەتە زانستییەكان لە سـنوری ئەو دەوڵەتو میرنشـینانەدا بینی، كە ئەمەش بوار و دەرفەت بۆ بیریاران و زانایان ڕەخسـاند كە زیاتر دەربكەونو گەشە بە بوارەكانیان بدەن .

٤. بوونی ژمارەیەكی زۆری كتێبخانەی گەورە لە شارە گەورەكانی (عێراق، شام، میسر، ئێران)، كە دانراوی سەرجەم زانســـتەكانی ئەو ڕۆژگارەیان تێدابوو. ئەم كتێبخانانەش بەردەوام دەرگایان بۆ زانســـتخوازان واڵا بوو. وەك باســـیش كراوە لەو سەدەیەدا زیاتر لە (سێ سەد) زانست لەو سەردەمەدا هەبووە[٧٦]

ئەمانەو چەندین هۆكار و هەلومەرجی دیكە، ڕۆڵێكی كارایان هەبووە لە بزاوتن و بەرەوپێشچوونی لایەنی زانستیی و ڕۆشنبیری لەم سـەدەیەدا. سـەرباری ئەمانە سـەدەكە خاڵی نەبوو لە ململانێی هزری و مەزهەبی، بگرە زیاتر توندتر بوویەوەو تەنانەت بەرەنجامی نەشـیاویشـی لێكەوتەوە، وەك ئەو ململانێیەی كە سـەرەتاكەی بۆ جەنگی (صـفین) و پاشـان جیابوونەوەی (خەواریجەكان) دەگەڕایەوە[٧٧]، لەسـەردەمی ئومەوییش بەردەوامی هەبووە[٧٨]، لەسـەردەمی عەبباسی بەتایبەتی لەم سەدەیەدا گەیشتە لوتكە.

ئەمەو جگە لەوەی لەم ســـەردەمەدا ململانێكە تەنیا لەنێوان زانایانی ئایینزا جیاوازەكاندا نەبوو، یاخود لەنێوان زانایان دەسەڵاتداراندا قەتیس نەبوو، بەڵكو بازنەیەكی فراوانتری لەخۆ گرتبوو، كە چینی گشتی تێیدا بەشدار بوون و شێوازێكی زۆر توندو تیژانەشیان بەخۆوە گرتبوو. مێژوونووسان چەندین نموونەیان بۆ تۆمار كردووین، لەسەرەتای ئەم سـەدەیەدا(حەنبەلییەكان) دەسـتیان بە چەوسـاندنەوەو گێچەڵكردن بە خاوەن مەزهەبەكانی تر كرد. لەم بارەیەوە (ابن الاثیر) لە ڕووداوەكانی ســاڵی (٣٠٦ك/٩١٩ز) نووســـیوویەتی "لەم ســاڵەدا لە بەغداد ئاژاوەیەكی گەورە لە نێوان حەنبەلییەكان و چینی گشتیدا ڕوویدا، خەلیفە ژمارەیەكی لێگرتن، دووری خستنەوە بۆ (بەسرە)و زیندانیكردن"[٧٩].

لە ساڵی (٣١٠ك/٩٢٣ز)ش كاتێك مێژوونووس(الطبری) لە بەغداد كۆچی دواییكرد، بە شەو و لەماڵەكەی خۆیدا نێژرا، لە بەرئەوەی هەندێك لە حەنبەلییەكان تۆمەتی بێباوەڕییان دابوویە پاڵ، بۆیە كۆبوونەوەو نەیانهێشـــت بە ڕۆژ لە گۆڕســـتان بنێژرێت، چونكە لە كتێبەكەیدا باســـی ڕاجیایی نێوان فەقیهەكانی كردبوو، ناوی (احمد بن الحنبل)یشـــی ڕابەری حەنبەلییەكانی نەهێنابوو، كاتێكیش پرسـیاریان ئەوەیان لێكرد بوو بۆچی ناوی نەهێناوە؟ گوتبووی، پێشـەوا

٧٥. حسن ابراهیم حسن: م.س، (٣/٤٤-٤٧)؛ العش: م.س، صص١٨٥-١٨٦.

٧٦. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (طاش كبری زاده: مفتاح السعاده و مصباح السیادة فی موضوعات العلوم، الطبعة الاولی، دار الكتب الحدیث، القاهرة، ١٩٦٨م، ١/ ٣-١٥).

٧٧. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((ابن قتیبه: الامامة و السیاسة، الطبعة الاولی، منشورات الرضي-قم، ١٣٦٣ە.ش، ١٤١/١؛ أبوحنیفة الدینوري: الاخبار الطوال، قدم له و وثق نصوصه و وضح حواشیه: د. عصام محمد الحاج علي، الطبعة الاولی، دار الكتب العلمیة-بیروت، ٢٠٠١م، صص٢٨٤-٢٨٥؛ المنقري: وقعة صفین، تحقیق: عبدالسلام هارون، الطبعة الثالثة، دار الجیل-بیروت،١٩٩٠م)؛ السمعاني: الانساب، تقدیم و تعلیق: عبدالله عمر البارودي، الطبعة الاولی، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزیع-بیروت، ١٩٨٨م، ٣٠٤/٢؛ أبن الاثیر: اللباب في تهذیب الانساب، ضبطه و حقق علیه: عبدالطیف حسن عبدالرحمن، الطبعة الاولی، دار الكتب العلمیة-بیروت، ٢٠٠٠م، ٢٧٧/١) )).

٧٨. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((خلیفة بن خیاط: تاریخ خلیفة بن خیاط، حققه و قدم له: د. سهیل زكار، الطبعة الاولی، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزیع-بیروت، ١٩٩٣م، صص(١٤٤- ١٤٩، ١٩٤)، د. محمود زیادة: الحجاج بن یوسف الثقفي: الطبعة الثالثة، دار السلام للطباعة والنشر والتوزیع والترجمة-القاهرة، ٢٠٠٤م، صص(١٧٢-١٧٣، ١٧٤-١٧٨) )).

٧٩. : الكامل، ٥٠١/٦-٥٠٢.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(احمد) فەقیە نییە، بەڵکو فەرموودەناسە. هەر بۆیە ئەمە زۆر قورس لەسەر دڵی حەنبەلییەکان و لەو ڕۆژەوە زۆر بەتووندی دژایەتیان کرد[٨٠].

هەر سەبارەت بەڕادەی پەڕگیریی مەزهەبی و دەمارگیریی حەنبەلییەکان بەرامبەر مەزهەبەکانی دیکە، لە تۆمارێکدا (ابوالفداء) ئاماژەی بەوە کردووە، کە "کاتێك (ابوالحسن الاشعری) کۆچی دوایی کرد، لایەنگرانی گۆڕەکەیان بە نهێنی هێشتەوە، نەبادا حەنبەلییەکان لاشەکەی دەربهێنن و بیسوتێنن، چونکە بڕیاری ئەنجامدانی ئەم کارەیان دابوو وە سووریش بوون لەسەری. زیاتر لەوەش گەورەکانی حەنبەلی تۆمەتی کافربوونیان ئاراستە کردبوو وە وتبوویان: خوێنی خۆیی و هاوبیرەکانیشی حەڵاڵە"[٨١]!

لەلایەکی دیکەوە ململانێیەکی توند لەنێوان سۆفییەکان و فەقیهەکاندا هەبوو، کە هەر کۆمەڵێکیان ڕوانینی تایبەتی بۆ بنەماکانی ئایین هەبوو. نەهامەتییەکانی (منصور الحلاج)و دواتریش کوشتنی، لە ڕواڵەتدا بەرهەمی ئەو ململانێیە بوو[٨٢]. هەروەها ناکرێ ململانێی نێوان ئەهلی کەلام و فەیلەسوفان نادیدە بگرین، کە فەیلەسوفان و هەوادارانیان، ئەهلی کەلامیان بە دەمارگیر و چاولێکەر تۆمەتبار دەکرد، ئەوانیش فەیلەسوفانیان بە مەترسی بۆ سەر ئیسلام و بنەما فیقهییەکان ناودەبرد. هەروەك لەنێوان ڕستەسازان (نحویین)و فەقیهەکانیش ململانێیەکی توندو فراوان هەبوو، کە فەقیهەکان دەیانوت: زۆرینەی زمانزانەکان دیندار نین، زمانزانیش لەخواترسان لەدڵدا دەردەکات[٨٣].

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەی خوارەوەو دوای تاوتوێکردنی چەندین سەرچاوەی کۆن و نوێ بە زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و کوردی)، گەیشتنیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١.مێژووی سەدەی (چوارەمی کۆچی بەرامبەر بە سەدەی دەیەمی زایینی) لە دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا دەچێتە ماوەی نێوان دەسەڵاتدارێتی تورکە موسڵمانە سوننەکان و بووەیهییە موسڵمانە شیعەکان، کە هەریەکەیان لە قۆناغێکی مێژووییدا دەستیان بەسەر دەسەڵات و جومگەکانی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا گرت و قۆناغێکیان لە ململانێ و پەشێوی سیاسی هێنا ئارا .

٢.لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی تەنیا (یەك) سەدەدا (هەشت) ئەندامی بنەماڵەی عەباسی گەیشتنە دەسەڵات، بەڵام هیچ یەك لەوان وەك پێویست نەیانتوانی شکۆی دەوڵەتی خەلافەت بۆ سەردەمەکانی پێشوویی بگێڕنەوە. ڕاستە لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا (قادر بیلای عەباسی)، کە لەنێوان ساڵانی (٣٨١-٤٢٢ك/٩٩١-١٠٣٠ز) گەیشتە پایەی خەلافەت، توانی تا ئاستێك شکۆ بۆ پایەی خەلافەت و بنەماڵەکەیان بگێڕێتەوە، بەڵام ئەویش دوای ئەوەی کۆچی دوایی کردنی، کوڕ و نەوەکانی نەیانتوانی ئەو ئەرکە ببینن و ئەو هێز و قورساییە بۆ بنەماڵە و دەوڵەتەکەیان بگێڕنەوە.

٣.بەهۆی دەسەڵاتدارێتی تورکەکان بۆ سەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی، تا بە هاتنی بووەیهییە شیعەکان و دەستگرتنیان بە پایەی خەلافەت دەگات، دۆخێکیان هێنایە ئارا، کە دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت بەسەر تەواوی ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتییەوە نەما، تا ئەوەی بەهۆی لاوازی پێگەی خەلیفەکان و پایەی دەسەڵاتی ناوەندی،

---

٨٠. : تاریخ الطبری، ٧/٨-٩.

٨١. : تاریخ، ٢/٨٩-٩٠.

٨٢. کوشتنی (حلاج) زۆر توند بوو. ئەو سەرەتا دەست و قاچەکانیان بڕی و سەریان لە لاشەوی جیاکردەوەوە، دواتر لاشەکەیان سووتاند. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الهمداني: م.س، ص١٧، دبور: م.س، ص١٢٧-١٢٨).

٨٣. عبدالرحمن بدوی: التراث الیونانی في الحضارة الاسلامیة، الطبعة الاولی، مکتبة النهضة المصریة-القاهرة،١٩٤٠م، ص١٣٠.

زەمینەی چەندین دەوڵەتی ناوچەیی دەرکەوت. وەك (دەوڵەتی سامانی) لە خۆرسان و (دەوڵەتی حەمدانی) لە ناوچەکانی (موسڵ و جزیرەی ئیبن عومەر)و (دەوڵەتی بەریدی) لە ناوچەکانی (ئەهواز و واسیت و بەسرە)و (دەوڵەتی قەرامیتە) لە (یەمامە و بەحرین)و، (دەوڵەتی زەیدی شیعە) لە یەمەن و (دەوڵەتی ئەخشیدی) لە (میسر و شام)و (دەوڵەتی زیادی) لە (تونس)و (دەوڵەتی حەمادی) لە (جەزائیر). هەموو ئەمانە وایانکرد، کە بەهۆی بوونی چەندین دەسەڵاتی سیاسی ناوچەیی، جۆرێك لە ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزری و ئایینی جیاواز بێتە کایەوە. ئەو دوخەش دەرفەتی زیاتر دایە ئەوانەی عەودالی زانست و زانیاری بوون.

٤. لەگەڵ ئەوەی ئەم سەدەیە بە سەردەمی ئاژاوە و کێشە و ململانێی نێوان بنەماڵەیی عەباسی و تورکەکان و دواتر عەباسی و بووەیهییەکان دادەنرێت، تا ئەوەی دۆخی سیاسی دەوڵەت لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام گەشەکردنی فیکری سیاسی و هزری و زانستی، هەنگاوی گەورەی نا، چونکە ئەو فرە ژینگە سیاسییەی بەهۆی دەرکەوتنی چەندین دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوچەیی هاتە ئارا، زەمینەی دەرکەوتنی هزر و بیر و کۆمەڵی نوێ بێتە ئارا.

٥. هەموو ئەوانە هۆکار بوون، کە تەنیا لە ماوەی یەك سەدەدا دەیان و بگرە سەدان کەسایەتی گەورەی ئایینی و هزرڤان و بیرمەند و شاعیر و ئەدیبی دەربکەون. لەوانە دەرکەوتنی بیرمەندانی وەك (فارابی و ابن سینا و مسكويه)و سۆفی گەورەی وەك (منصور الحلاج)و ئەدیبانی وەك (الفضل ابن عميد و صاحب بن عباد)و کۆمەڵەی اخوان الصفاء).

**سەرچاوەکان**

یەکەم: بەزمانی عەرەبی:

سەرچاوە کۆنەکان:

أبن الاثير، أبي الحسن بن أبي كرم محمد بن عبدالكريم الجزري/(٦٣٠ه/١٢٣٢م)

١. اللباب في تهذيب الانساب، ضبطه و حقق عليه: عبدالطيف حسن عبدالرحمن، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، ٢٠٠٠م.

٢.الكامل في التاريخ، تصحيح: د.محمد يوسف الدقاق، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، ١٩٨٧م.

الأصفهاني، أبي الفرج علي بن الحسين بن محمد الأموي/المتوفى سنة (٣٥٦ه/٩٦٦م)

٣. الأغاني، الطبعة الأولى، دارالكتب المصرية-القاهرة، بلا.

ابن تغرى بردي، أبو المحاسن جمال الدين يوسف بن الأمير سيف الدين/(٨٧٤هـ/١٤٧٠م)/

٤.النجوم الزاهرة فى ملوك مصر و القاهرة، تدقيق: محمد حسين شمس الدين، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، بلا.

الثعالبي، أبو منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل/(٤٢٩ه/١٠٣٧م)

٥.يتيمة الدهر، تحقيق: مفيد محمد محيقه، دار الكتب العلمية- بيروت، ١٩٨٣م.

الجهشياري، أبوعبدالله محمد بن عبدوس بن عبداللة الكوفي/ (٣٣١ه/٩٤٣م)/

٦.الوزراء و الكتاب، تدقيق حسن الزين، دار الفكر الحديث-بيروت، ١٩٨٨م.

ابن الجوزي، جمال الدين ابوالفرج عبدالرحمن بن علي البغدادي/(٥٩٧ه/١٢٠٠م)

٧.المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، ١٩٩٢م.

ابن حوقل: أبو القاسم محمد بن علي البغدادي/(٣٦٧ه/٩٧٧ز)

٨.المسالك و الممالك، الطبعة الاولى، ليدن، ١٩٣٨م.

ابو حيان التوحيدي/(٤١٤ه/١٠٢٣م)

٩. البصائر و الذخائر، تحقيق: وداد القاضى، د.ط، دار صادر- بيروت، ١٩٨٨م

ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر/(٦٨١ه/١٢٨٢م)/

١٠.وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، الطبعة الاولى، دار صادر-بيروت، ١٩٧٨م.
أبوحنيف الدينوري، ابي محمد عبدالله بن مسلم الدينوري/(٢٨٢ھ/٨٩٤م)/
١١. الاخبار الطوال، قدم له و وثق نصوصه و وضح حواشيه: د. عصام محمد الحاج علي، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، ٢٠٠١م.
خليفة بن خياط، أبوعمرو بن أبي هريرة العصفري/(٢٤٠ھ/٨٥٤م)
١٢. تاريخ خليفة بن خياط، حققه و قدم له: د. سهيل زكار، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت، ١٩٩٣م.
الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز/المتوفى سنة (٧٤٨ھ/١٣٤٧م).
١٣.تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير و الأعلام، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، الطبعة الثالثة، دار الكتاب العربي- بيروت، ١٩٩٨م.
١٤.سير اعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الارناؤوط و محمد نعيم العرقوسي،مؤسسة الرسالة-بيروت، ١٩٨٤م.
١٥.الشذرات الذهب فى اخبار من ذهب، تحقيق: محمود الارناؤوط، دار ابن كثير-دمشق، بلا.
السمعاني، سعد بن عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمي/(٥٦٢ھ/١١٦٦م)/
١٦. الانساب، تقديم و تعليق: عبدالله عمر البارودي، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت، ١٩٨٨م.
السيوطي، جلال عبدالرحمن/(٩١١ھ/١٥٠٥م)/
١٧.تاريخ الخلفاء، الطبعة الثانية، مركز دار المنهاج للدراسات والتحقيق العلمي، دوحة، ٢٠٠٣م.
الصابي، ابو اسحاق ابراهيم بن الهلال بن ابراهيم الحراني/ (٣٨٤ھ/٩٩٤م)/
١٨.تحفه الأمراء بتأريخ الوزراء، تحقيق: عبدالستار احمد فراج، الطبعة الاولى، القاهره، ١٩٥٨م.
ابن العمراني، محمد بن علي بن محمد بن علي بن أحمد (٥٨٠ھ/١١٨٣م)
١٩.الانباء في تاريخ الخلفاء، تحقيق: قاسم السامرائي، الطبعه الاولى، دار الافاق العربية- القاهرة، ١٩٩٩م.
ابن الطقطقى، محمد بن علي بن طباطبا/(٧٠٩ھ/١٣٠٩م)/
٢٠.الفخري في الاداب السلطانية و الدول الاسلامية، دار صادر-بيروت، بلا.
ابوالفداء، إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد بن عمر بن شاهنشاه بن أيوب(٧٣٢ھ/١٣٣١م)/
٢١.المختصر فى أخبار البشر، الطبعة الاولى، المطبعة الحسنية المصرية-القاهرة، بلا.
ابن قتيبه، أبي محمد عبدالله بن مسلم/(٢٧٦ھ/٨٨٩م)/
٢٢. الامامة و السياسة، الطبعة الاولى، منشورات الرضي-قم، ١٣٦٣ھ.ش.
القرطبي، عريب بن سعد/(٣٦٩ھ/٩٧٩م)/
٢٣. صلة تاريخ الطبري، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٣٢٠ھ.
ابن كثير، أبوالفداء عمادالدين اسماعيل بن عمر بن كثير القرشي/(٧٧٤ھ/١٣٧٢م)/
٢٤.البداية و النهاية في التاريخ، تحقيق: حامد احمد الطاهر، الطبعة الاولى، دار الفجر للتراث- القاهرة، ٢٠٠٣م.
الماوردي، أبوالحسن على بن محمد حبيب البصري/ (٤٥٠ھ-١٠٥٨م)
٢٥. ألأحكام السلطانية و الولايات الدينية، الطبعة الثانية، مكتبة مصطفى البابي الحلبي و أولاده- القاهرة، مصر، ١٩٦٦م.
المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين/(٣٤٥ھ/٩٥٦م)/
٢٦.التنبه و الاشراف ، تحقيق: عبدالله اسماعيل، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٣٨م.
مسكويه، ابي علي احمد بن محمد بن يعقوب/(٤٢١ھ/١٠٣٠م)/
٢٧.تجارب الامم، تحقيق: امدروز، الطبعة الاولى، دار الكتاب الاسلامي- القاهرة، بلا.
٢٨. البصائر و الذخائر،.تحقيق: وداد القاضي، الطبعة الاولى، دار صادر- بيروت، ١٩٨٨م.

المنقري، نصر بن مزاحم/(٢١٢ه/٨٢٧م)
٢٩. وقعة صفين، تحقيق: عبدالسلام هارون، الطبعة الثالثة، دار الجيل-بيروت، ١٩٩٠م.
الهمداني، أبوالحسن محمد بن عبدالملك بن ابراهيم/(٥٢١ه/١١٢٧م)
٣٠. تكملة تاريخ الطبري، تحقيق: مصطفى السيد و طارق سالم، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، بلا.
ب. بەزمانی عەرەبی:
احمد امين/
٣٢.ظهر الاسلام، الطبعه الاولى، المكتبة التوفيقية- القاهرة، بلا.
اميره حلمى مطر/
٣٣.الفكر الاسلامي و تراث اليونان، الهئية المصرية العامة للكتب-القاهرة، ١٩٩٦م.
بدري محمد فهد/
٣٤.العامه في بغداد في القرن الخامس الهجري، الطبعة الاولى، مطبعة الارشاد- بغداد، ١٩٦٧م.
بدوي، عبدالرحمن/
٣٥.التراث اليوناني في الحضارة الاسلامية، الطبعة الاولى، مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، ١٩٤٠م.
٣٦.منطق ارسطو، الطبعة الاولى، الناشر وكالة المطبوعات الكويت-دار القلم-بيروت، ١٩٨٠م.
جواتيان، س.د/
٣٧.دراسات في التاريخ الاسلامي والنظم الاسلامية، تعريب و تحقيق: عطية القوصى، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات-الكويت، ١٩٨٠.
حسن ابراهيم حسن/
٣٨.تاريخ الاسلام (السياسي و الديني و الثقافي و الاجتماعي)، الطبعة الخامسة عشر، القاهرة، ٢٠٠١م.
الخضري بك، محمد/
٣٩.محاضرات تاريخ الامم الاسلامية- الدولة العباسية، تحقيق: الشيخ محمد العثماني، دار القلم- بيروت، ١٩٨٦م.
دي دبور، ت.ج/
٤٠. تأريخ الفلسفة في الاسلام، نقله الى العربية: محمد عبدالهادي أبو ريدة، القاهرة، ١٩٣٨م
الدوري، عبدالعزيز/
٤١.تاريخ العراق الاقتصادى في القرن الرابع الهجري، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، ١٩٩٥م.
زيادة، د. محمود/
٤٢. الحجاج بن يوسف الثقفي: الطبعة الثالثة، دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة-القاهرة، ٢٠٠٤م.
العش، د. يوسف/
٤٣. تأريخ عصر الخلافة العباسية، دار الفكر-دمشق، ٢٠٠٣م.
عفيفي، ابو العلا/
٤٤.التصوف الثورة الروحية في الاسلام، الطبعة الاولى، دار المعارف- الاسكندرية، ١٩٦٣م.
العمرجي، احمد شوقى ابراهيم/
٤٥.المعتزلة في بغداد وأثرهم في الحياة الفكرية والسياسية، الطبعةالاولى، مكتبة مدبولى-القاهرة، ٢٠٠٠م.
فهمي سعيد عبدالرزاق/
٤٦.العامة فى بغداد خلال القرنين الثالث و الرابع الهجريين، الطبعة الاولى، بلا.
فؤاد معصوم/
٤٧.اخوان الصفاء فلسفتهم و غايتهم، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر- دمشق، ١٩٩٨م

القزويني، علاء الدين سيد امير محمد/
٤٨.الشيعة الامامية و نشأة العلوم الاسلامية،الطبعة الاولى، قم، بلا.
كبرى زاده، طاش/
٤٩.مفتاح السعادة و مصباح السيادة في موضوعات العلوم، الطبعة الاولى، دار الكتب الحديث، القاهره، ١٩٦٨م.
متز، ادم/
٥٠.الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري، ترجمة: محمد عبدالهادي ابو ريدة، الطبعة الخامسة، دار الكتاب العربي-بيروت، بلا.
محمود شاكر/
٥١.التاريخ الاسلام- الدولة العباسية، الطبعة السادسة، المكتب الاسلامي-القاهرة، ٢٠٠٠م.
وفاء محمد على/
٥٢.الخلافة العباسية في عهد تسلط البويهيين، الطبعة الاولى، المكتب الجامعي الحديث- الاسكندرية، ١٩٩٠م.
٥٣.الزواج السياسي فى عهد الدولة العباسية، الطبعة الاولي، دار الفكر العربي- القاهرة، ١٩٨٨م.
دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:
ئاراس فەریق زەینەڵ/
٥٤.دیبلۆماسییەتی کورد لەسەردەمی بوەیهییەکاندا(٣٣٤-٤٤٧ك/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال-سلێمانی، ٢٠١٢ز.
محمد سهيل طقوش/
٥٥.مێژووی دەوڵەتی عەباسی، وەرگێڕانی: نهاد جلال، چاپی یەکەم، کتێبخانەی نارین- هەولێر، ٢٠٠٩م.
سێیەم: سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:
كسروى، احمد/
٥٦.شهرياران گمنام، چاپ دوم، نوبهار، مؤسسه انتشارات نگاه- تهران، ١٣٨٨ه.ش.
كورزين، فيليس/
٥٧. امبرطورى اسلامى، ترجمة: مهدي حقيقت خواه، چاپ اول، انتشارات ققنوس-تهران، ١٣٨٦ه.ش.